## گۆشەی من و حەمەدی برا" راسپاردە زەردەشتەکان" ... ملبەدۆزن

مژدەیەکی خوایی:
لەو ڕۆژەوە کورد بە برای عارەب کرا
سورەتی گاجووت بە کورد بەخشرا
هەتا نەتۆرێ سورەتی مانگا
تێبگە بۆ خۆت ئەوجا
پتر لە هەزاروسێ سەت ساڵ
تێمهەڵئەدرێ نابم بە برا
چۆن بە فویەکی دوو گاجووت بووین بە برا!
کۆیلە
کۆیلە نابێ بە کۆیلە ئەگەر دەرونی داگیرنەکرێ:
لەو ڕۆژە ڕەشەوە کە لێکترازاوە کولتور و دەرون
شەیدایە بە ئاسمانوە دەرون
پاسەوانی کۆشک و تەلاری بەجێماوی زێڕین
ئەچریکێنێ لە داخی کەشیشی گێل و نەزان
گۆڕیویانەتەوە کۆشک و تەلاری زێڕین
بە کەنیزە و چوار ئافرەتی جوان
بە هەشتا پەری ئەو جیهان
فریویانداوە سەرکردەی کوردان
کەشیشی فێڵباز وگێل و نەزان
بالورە
پەند و بالورەی بت پەرستان
بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان
زمانم بڕا خاکم داگیرکرا
کولتورمان لەبن پێ نرا
، ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانەکانیان بکەین ئەوا
پەند و بالورەی خوانەناسیمان بۆهەڵئەبەستن
پێتان ئەڵێن خوانەناسن ئەو بت پەرستانە
هەتاکو ئێستاش کرنوش ئەبەن بۆ بتی ڕەشیان
کورد یەکەم خواناسە لە سەر ئەو زەمینە
دۆڵی زەردەشتیان کە ناونراوە بە دۆڵی ئەسحابان
ئەنفال وکیمیاباران بەڵگەی کۆن نوێن
لە مێژوی ڕەگەزپەرستی وان
سەرگوزەشتەی ئەو بتە ڕەشە ئەڵێن
لە ئاسمانەوە هاتووتە خوارەوە
ئەی چۆن هەپرون بە هەپرون نەبوو

یان خوا بتبارانی کردوون
واتەی ئیسلام هەر وەک چەرخ وفەلەکی ڕاوەستاو
سەردەستی بۆ عارەبان بندەستی بۆ گەلاّن
کۆمۆنیزم و ئیسلامیزم دوو نمونەی شۆڤێنیزم
خۆی خواردەوە یەکەمیان خوا بیباتەوە ئەی تریان
باپیرەگەورەی کوردان ڕایسپاردوومە بڵێم پێتان
هەتا نەگەڕێنەوە سەر ئاینی زەردەشتی پیرۆزی خۆتان
ئازادی لە کوردستان نابینن بە چاوی خۆتان
گۆڕی من
گۆڕی من لە گۆڕستانی زەردەشتیان
کە ناونراوە بە دۆڵی ئەسحابان
لە نێوان گۆڕی خواناسان
کە پێی ئەڵێن سەلکی خوانەناسان
و پاشماوەی کەلاکی داگیرکەران
دڵبەرانی کوردستان
بە بەردی سەر گۆڕی خواناسان
بکەن نەفرەتی داگیرکەران
پیرۆزئەبێ لێیان پێکهێنانی خێزان
لەسەر هەر گردێ، لە سەر هەر لوتکەی چیایێ
گۆڕی قوربانیەکی ئازادی کوردستان
پیرۆزە بۆ زەماوەندی دڵبەرانی کوردستان
هەر کوردێ بۆی بکرێ و نەکا سەردان
بۆ گۆڕستانی ئەنفال و کیمیاباران
لێیبێ نەفرەتی داپیرەگەورە وباپیرەگەورەی کوردان